# یاسا و سیستەمی پەروەردە داهاتووی منداڵانی کوردستان بە چ ئاقارێکدا دەبات؟

**لە کوردستان یاسایەکی گشتگیر تایبەت بەمافی منداڵ و مسۆگەرکردنی داهاتووی نییە، زۆر جاریش باسی ئەوە دەکرێ کە منداڵانی کوردستان ئائێستا مافەکانیان دەستەبەرنەکراوەو لەلایەن خێزان و قوتابخانە و پەرلەمان و حکومەتیشەوە پەراوێزخراون، ئەوەشی کە زۆر بەر ڕەخنە دەکەوێت، پەیڕەوکردنی (سیستەمی سوید)یە لە قوتابخانەکان و هێما بۆ ئەوە دەکرێ کە زەمینەی بۆ خۆش نەکراوەو لەگەڵ سیستەمی پەروەردەی کوردستان ناگونجێت.**





**پەیڕەوکردنی سیستەمی سویدی کێشەکانی پەروەردەی چارەسەر نەکردووە**

د. نازناز محەممەد چالاکوان و شارەزای بواری پەروەردە، لە لێدوانێکیدا بۆ گوڵان، جەخت لەوە دەکاتەوە کە سیستەمی پەروەردە لەکوردستان دوورە لەسیستەمی وڵاتانی پێشکەوتوو، گوتیشی «سیستەمی خوێندن لەکوردستان سیستەمێکی زۆر کۆنە و پەیڕەوکردنی سیستەمی سویدیش کێشەکانی چارەسەر نەکردووە، لەبەر ئەوەی زەمینەی بۆ ئامادەنەکراوە، نەمانتوانیوە سوود لە سیستەمی پەروەردەی وڵاتانی پێشکەوتوو وەربگرین».

د. نازناز بە پێویستی دەزانێت حکومەت و وەزارەتی پەروەردە هەوڵی باشتربدەن بۆ باشترکردنی ڕەوشی پەروەردە بدەن، گوتیشی «ئاشکرایە نەك تەنیا سیستەمی پەروەردە و خوێندن، بەڵکو هەرچی ڕەسەنایەتی و جوانی و دیموکراسی و ئازادی و ڕێکخستنی ژیانی ڕۆژانەمان هەیە، بە سیستەمی حوکمڕانیشەوە هەر هەمووی لەڕۆژئاواوە دێت، کە ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە و حاڵەتەکان لەوێ جیاوازن، بۆ نموونە ئەوان ئەنجومەنی دایکان و باوکانیان هەیە، کە زۆر ئەکتیڤن، بەڵام ئەنجومەنی دایکان و باوکانی قوتابخانەکانی کوردستان ڕۆڵیان زۆر لاوازە، چونکە زۆربەیان نازانن ئەو ئەنجومەنە چییەو زیاتر لە ٥٠٪ی دایکان و باوکانیش ئامادەی ئەو ئەنجومەنە نابن و زۆر کەمیان هەست بە بەرپرسیارێتی دەکەن».

ئەو خانمە ئەکادیمییە لە درێژەی لێدوانەکەیدا جەختی لەوە کردەوە کە هەر سیستەم و پرۆگرامێك کە لەدەرەوە دەهێنن، پێویستە لەگەڵ بارودۆخی کورستان بیگونجێنن، لەبەرئەوەی «بیروبۆچوونمان، دابونەریتمان، توانا و ئیمکاناتی پەروەردەییمان لەگەڵ ئەوان جیایەو ناکرێ تەنیا سیستەمە پێشکەوتووەکانی دەرەوەی وڵات کۆپی بکرێن، بەڵکو پێویستە زەمینەی بۆ خۆش بکەین، بۆ نموونە قوتابخانەی سێ دەوامی و کەمی بینا و مامۆستای پسپۆڕ لەگەڵ پەیڕەوکردنی سیستەمی سویدی ناگونجێت».

**کاتێك کار بۆ هوشیاری خێزان نەکراوە نابێت گلەیی لە جۆری پەروەردەیان بکەین**

سیروان عەلی مامۆستای زانکۆیەو کێشەکانی پەروەردەیی بە «گەورەترین قەیران»

هەژمار دەکات و دەڵێت: «حکومەتی هەرێم هەتا ئێستا وەك پێویست نەیتوانیوە گرنگی بەم دۆسیەیە بدات. ئەرکی حکومەت و وەزارەتی پەروەردەیە کاتێك سیستەمی وڵاتێکی پێشکەوتوو هاوردە دەکات، هەموو بوارەکانی لە بەرچاو بگرێت، ناکرێت ئێمە سیستەمی ئەورووپی بێنین و پێوەرەکانی جێبەجێ نەکەین، لە بواری پەروەردەش ناکرێت ئێمە گلەیی لەخێزان بکەین، لەکاتێکدا کەس نییە هۆشیاریان بکاتەوە، هەروەها ناکرێت گلەیی لەخیزان بکەین بەوەی کە چاودێری منداڵەکەی ناکات، لەکاتێکدا منداڵەکەی سەعات ١٠ی بەیانی لەقوتابخانە دێتەوە، چونکە قوتابخانەکان وەك پێویست بەڕێوە نابرێن، ساڵی رابردوو وەك من ئاگاداربووم زۆربەی قوتابخانەکان سێ دەوامی بوون، ئەوە کەی پێوەری سیستەمێکی پەروەردەیی پێشکەتووە؟».

ئەو مامۆستایەی زانکۆ بە ئەرکی وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی دەزانێت «لەڕێگەی سەنتەرەکانەوە گرنگی بەمنداڵان بدەن و خولیان بۆ بکەنەوە»، داواش دەکات «پەرلەمان لیپێچینەوە لەگەڵ وەزارەتی کار بکات کە بۆ نەیتوانیوە ئەو کارانە بکات».

**حکومەت بەرنامەی بۆ پەروەردەکردنی منداڵ لاوازە**

توێژەری کۆمەڵایەتی هانا عوسمان هێما بۆ ئەوە دەکات کە خێزان یەکەم قوتابخانەی کۆمەڵایەتی مرۆڤەکانە و ڕایوایە «فەرامۆشکردنی مرۆڤ بەشێوەیەکی گشتی و منداڵ وەك بوونەوەرێکی سەرەکی یەکێکە لە ڕەهەندە سەرەکییەکانی کۆمەلگەی ئێمە و بێگومان کۆمەڵگەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەشێوەیەکی گشتی تاکەکان فەرامۆشدەکات و گرنگیان پێنادات، لەبەر ئەوەی لەم کۆمەڵگەیانەدا هەمیشە نەریتی هێز زاڵە بەسەر نەریتەکانی دیکەدا، چونکە کۆمەڵگەی دوای جەنگن و زۆربەی ئەو کۆمەڵگانەی کە لەنێو ڕەهەندەکانی جەنگدا گوزەریان کردووە، لە زۆر بواردا گرفتی هاوشێوەیان هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا تەنیا خیزان لەم دۆخە بەرپرسیار نییە، بەڵکو هەریەك لەسیتسەمی پەروەردە و حکومەت و پەرلەمانیش بەرپرسیارن چونکە هەڵسوکەوتی خێزان دەرهاویشتەی ژیانی رۆژانەو کاریگەری ئەو ڕەوشەیە کە تاکەکانی خێزان تیادا ژیان بەسەردەبەن، جگە لەوەی کۆمەڵگەی عێراقی کۆمەڵگەیەکی شەڕەنگێزە و باوەڕی بەهێزە، ئێمەش دەرهاویشتەی ئەو کۆمەڵگەیەین و ناتوانین خۆمانی لێ ڕزگار بکەین».

بەبڕوای هانا سیستەمی حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستان لە ٢٠ ساڵی رابردوو وەك پێویست کاری بۆ پێگەیاندنی منداڵ نەکردووە، گوتیشی «حکومەتی هەرێم هەتا ئێستا بەرنامەی بۆ پەروەردەکردنی منداڵ نییە، ئەوەتا منداڵ لە قۆناغی بنەڕەتییەوە هەتا دەگاتە ئامادەیی، هیچ جۆرە بەرنامەیەکی شیاوی نییە پەرەوەردەی بکات، ئیتر چۆن ئەو منداڵە ئایندە بۆ خۆی دروست دەکات؟».

ئەو توێژەرە جەختی لەوەش کردەوە کە سیستەمی سویدی بۆ وڵاتێکی ئەسکەندەناڤی کراوە، نەك بۆ وڵاتێکی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، گوتیشی «هیچ کام لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نەچوون سیستەمی وڵاتێکی ئەورووپی بهێنن و لەلای خۆیان بیکەنە بەرنامەی کار، چونکە کۆمەڵگەی سویدی جیاوازە لەکۆمەڵگەی ئێمە، کە کۆمەڵگەیەکی تێکەڵەی چیا و بیابانە، ئیتر نازانم چۆن ئێمە باس لە سیستەمی سویدی بکەین و بەسەرکەوتووی بزانین؟ تەنانەت پەرلەمانیش وەك پێویست نەیتوانی کاری باش بۆمنداڵ بکات، ئەگەرچی خولی سێیەمی پەرلەمان باشترین خولی پەرلەمانی بوو، بەڵام بەهۆی بوونی کێشەی جۆراوجۆر نەیتوانی هیچ دەستکەوتێك پێشکەش بەمنداڵان بکات، جگەلەوەی کە پەرلەمانی کوردستان لەگەورەترین قەیرانی سیاسیدا دەژیا کە ئەویش ململانێی زۆرینەو کەمینە بوو، پەرلەمانیش نەیتوانی هیچ لێپێچینەوەیەك لە وەزیرەکان بکات، بۆ نموونە وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی هەتا ئێستا کەمتەرخەم بووە، لە جێبەجێکردنی یاساکانی تایبەت بەمنداڵ، بەڵام هەتا ئێستا بۆ یەکجاریش بۆ لێپێچینەوە بانگی پەرلەمان نەکراوە».

ڕەزوان کامیل قوتابی ماستەر لەوڵاتی میسر ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بە «کەمتەرخەم» لەبەرەوپێشچوونی رەوشی منداڵان دەزانێت و دەڵێت «ساڵانە بودجەیەکی زەبەلاح بۆ ڕێکخراوەکانی منداڵان تەرخان دەکرێت، بەڵام هیچ کام لەو ڕێکخراوانە وەك پێویست نەیانتوانیوە خزمەت بە دۆخی منداڵان بکەن، لەکاتێکدا لەوڵاتێکی وەك میسر تەنیا ڕێکخراوی مانگی سوور کاردەکات و توانیویەتی زۆربەی کێشەکانی منداڵان چارەسەر بکات، گەرچی میسر زۆر لەکوردستان هەژارترە، کەچی گەورەترین نەخۆشخانەی چارەسەری شێرپەنجەی منداڵان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و گەورەترین سەنتەری چاندنی دڵ بۆ منداڵان لەو وڵاتەیە، بەڵام لەکوردستان لەسایەی وەزارەتێکی گەورە بەناوی وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی کە چەندین بەڕێوبەر و ڕاوێژکاری تایبەت بەمنداڵانی تێدایە، سەرەڕای بوونی دەیان ڕێکخراوی منداڵان کارێکی ئەوتۆی بۆ منداڵان نەکردووە.

دەستنیشانکردن و بەر ڕەخنە خستنی کێشە و گرفتەکان کارێکی سەخت و دژوار نییە، بەڵکو دۆزینەوەی ڕێگەکانی چارەسەری کێشەکان بایەخی خۆیان هەیە و کۆمەڵگە بەرەو پێشکەوتن پاڵ دەنێت، بۆیە پێویستە خولی داهاتووی پەرلەمان بە پلانی بابەتییانە و بە پشتگیری یاسایی کار بۆ چەسپاندنی مافەکانی منداڵان بکات، ڕێکخراوەکانی حکوومی و مەدەنیش لە بری ئەوەی دروشمیان لە کار زیاتر بێت، پێویستە لە بوارەدا هەنگاوی جدی هەڵبگرن بۆ ئەوەی منداڵانی چاوگەشی کوردستانیش ئایندەیەکی گەشتریان هەبێت.

**قوتابخانەی سێ دەوامی و کەمی بینا و مامۆستای پسپۆڕ لەگەڵ پەیڕەوکردنی سیستەمی سویدی ناگونجێت**

**وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی کەمتەرخەم بووە لە جێبەجێکردنی یاساکانی تایبەت بەمنداڵ، بۆ یەکجاریش بۆ لێپێچینەوە بانگی پەرلەمان نەکراوە**

**زۆربەی ئەو کۆمەڵگانەی کە لەنێو ڕەهەندەکانی جەنگدا گوزەریان کردووە، لە زۆر بواردا گرفتی هاوشێوەیان هەیە**



بێکاریی گەنجان یەکێکە لەو گرفتە مەترسیدارانەی کە ڕووبەڕووی زۆربەی کۆمەڵگەکان دەبێتەوەو چەندین قەیران بەدوای خۆیدا دەهێنێت، لە هەرێمی کوردستان هەم دیاردەی فرەکاری هەیە و هەم ژمارەی گەنجانی بێکار کەم نین، زۆربەشیان گلەیی ئەوە لە حکومەت دەکەن، کە وێڕای خوێندن و بوون بە خاوەن بڕوانامە هەلی کار و زەمانی ئابوورییان بۆ نەڕەخساوە، ئابووریناسێکیش هێما بۆ ئەوە دەکات کە جگە لە بێکاریی گەنجان، بێکاریی شاراوە و گەنجی خانەنشین و کارمەندی سێبەر زیانی زۆری لە باری ئابووری کۆمەڵگە داوە.

# دوای وەرگرتنی بڕوانامە

**بە سەدان گەنجی خاوەن بڕوانامە خانەنشینی بێ مووچەین و تواناکانمان لە چواردیواری ناوماڵدا قەتیس بووە**

**بەشێکی زۆری عەدالەتی کۆمەڵایەتی بەوە جێبەجێدەکرێت کە ژمارەی فرەکار کەم بکرێتەوە ئەوەش دەبێتەهۆی کەمکردنەوەی بێکاری**

## گەنجی بێکار زۆربەی کاتەکانی لە کازینۆ بەسەر دەبات

«ماوەی زیاتر لە چوار ساڵە لە ئامادەیی پیشەسازی دەرچوومەو هیچ کارێکم دەست نەکەتووە، ماوەیەکی زۆرە لە ماڵەوەم و کەسوکارم لێم بێزاربوون، بۆیە بەیانی زوو کە لەخەو هەڵدەستم، ڕوودەکەمە ئێرەو لەم کازینۆیە زۆربەی کاتەکانم بەسەر دەبەم». ئەوە قسەی ئومێد ئەنوەر عەلی تەمەن ٢٦ ساڵ بوو. ئەو وەك گەنجێك بێکاری بە «ناخۆشترین شت» دەزانێت ە جەخت لەوە دەکاتەوە کە «بەهۆی بێکارییەوە تووشی چەندین کێشە و شەڕ» بووە.

ئومێد باسی لەوە کرد کە بێکاری کاریگەری خراپی لەسەر گەنجان دروست کردووە و وایکردووە کە «ئەوەندەی بیر لە ڕابردوو دەکەنەوە، ئەوەندە بیر لە ئایندە ناکەنەوە»، گوتیشی «لە زۆبەی وڵاتانی جیهان گەنجی بێکار هەن، بەڵام لە کوردستاندا نابێت بیکار هەبێت، چونکە ئەو هەموو داهات و سامانە سرۆشتیەی هەیە، ئەم وڵاتە ئەوەندە سامانی زۆرە کە بەشی هەموو هاوڵاتییەکی دەکات، بەڵام بەداخەوە بەعەدالەتی دابەش نەکراوە، بۆیە بە سەدان گەنجی خاوەن بڕوانامە خانەنشینی بێ مووچەین و تواناکانمان لە چواردیواری ناوماڵدا قەتیس بووە».

هێرش کانەبی تەمەن ٣٦ ساڵ، بێکاری بە هۆکارێك بۆ دروستبوونی کێشەی کۆمەلاتی دەزانێت و داواکارە حکومەت هەوڵی ڕەخساندنی کار بۆ گەنجان بدات، چونکە بەهۆی بێکاری گەنج ناتوانێت برەو بەتواناکانی بدات و ژیان بۆخۆی دروست بکات.

توێژەرانی کۆمەڵایەتی پێیانوایە ئەگەر چارەسەری کێشەی بێکاریی گەنجان نەکرێت، ئەوا مەترسی زۆری لێدەکەوێتەوە دەشڵێن: بێکاری مەترسی ئەوەی هەیە گەنجان تووشی بێ ئیرادەیی و لادانی کۆمەڵایەتی بکاتەوە. چونکە لە بێکاری و نەبوونی ئیشێك فکر و ئیرادەیان بۆ شتی زۆر لاوەکی بەکاردێنن، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە توانا خودییەکانی خۆیان لە دەستدەدەن و بەرەو هەڵدێر دەڕۆن، ئەگەری ئەوەشی هەیە هەوڵی کاری خراپ بدەن و خۆیان و کۆمەڵگە بخەنە ناوکێشەوە، لەوانەیە بە هۆی بێکاری بیر لە بەکارهێنانی ماددەهۆشبەرەکان و ماددە کحولیەکان بکەنەوە، بە هەبوونی ئەم کەسانەش کێشەکانی کۆمەڵگە زیاتر دەبن».

## بێکاری تەرازووی هێز بە قازانجی دەسەڵات و بەزیانی ئیشکەر ڕێکدەخات

ئابووریناس ئەنوەر کەریم، جەخت لەوە دەکاتەوە کە بێکاری لە ئەنجامی زۆر فاکتەرەوە سەرهەڵدەدات، کە گرینگترینیان مەیلکردنی ئاستی قازانجی سەرمایەیە و دەڵێت «بێکاری وەکوو توخمێکی جەوهەری و بنەڕەتی لە کۆمەڵگەی سەرمایەداری وادەکات، کەرتی ئابووری وەکوو کەرتی کار، یان کەرتی سەرمایە، بێکاری تەرازووی هێز بە قازانجی دەسەڵات و بەزیانی ئیشکەر ڕێکدەخات، بێکاری لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا دەبێتە هۆی ئەوەی کە هێزی کار لە بنەڕەتدا بۆ خۆڕێکستن سست و لاواز بێت، واتا لەقۆناغێکی دیاریکراودا دەسەڵاتی سیاسی و سەرمایەدارەکان کار لەسەر ئەوە دەکەن کە بێکاری بڵاو بێتەوە، بۆ ئەوەی دەستی کار هەرزان بێت، ئەمەش بە قازانجی سەرمایەداران کۆتایی دێت».

ئەو ئابووریناسە بۆ چارەسەری کێشەی بێکاری بە پێویستی دەزانێت «وەزارەتی کار رووماڵێکی بەرفراوان بۆ گەنجان بکات و بە وردی ڕێژەی دەستی کار لە وڵاتدا دەستنیشان بکات چونکە شتێك هەیە دەبێت ئێمە بزانین کە ڕێژەی بێکاری چەندە و جۆرەکانیشی لەیەکتری جودا بکەینەوە، چونکە هەتا ئێستا جۆرەکانی بێکاری لەیەکتری جواداا نەکراونەتەوە، بۆ نموونە بێکاری بەردەوام هەیە، ئەو کەسەیە کە هیچ پیشەیەکی نییە، بیکاری کاتی هەیە، ئەو کەسانەن کە پیشەکانیان تا ڕادەیەك جێگیر نییە، بیکاری ئاشکرا هەیە، ئەوەیە کە ئەمرۆ لە زۆربەی وڵاتانی سەرمایەداریدا هەیە، بێکاری شاراوەش هەیە، ئەوەیە کە لە کوردستاندا هەیە، کە بێکارەکان بەشێکیان کاریان هەیە، بەڵام کارەکەیان پێویستی



# گەنجان بێکاردەبن

گوڵان: کۆمەڵایەتی

بەوان نییە، ئەمەش خۆی لەوەدا دەبینێت کە فەرمانگەی وەها هەیە پێویستی بە ٥٠ فەرمانبەرە، بەڵام نزیکەی ١٠٠ فەرمانبەری هەیە. کەواتە جگە لە بێکاریی گەنجان، بێکاریی شاراوە و گەنجی خانەنشین و کارمەندی سێبەر زیانی زۆری لە ئابووری کۆمەڵگە داوە».

بۆ چارەسەری قەیرانی بێکاری ئەنوەر کەریم بە پێویستی دەزانێت حکومەت بەرنامەی هەبێت و وەزارەتی کار لەقۆناغی یەکەم روپێوێکی فراوان بکات و ئاماری بێکاران دەستنیشان بکات، قۆناغی دووەم ئەو گەنجانە لەسەر بنەمای تواناکانیان و بڕوانامەکانیان پۆلێن بکات و دواتر بەهۆی ئەو پسپۆڕییانەی پێویستە ئەو کەسانە لەسەر ئەو بنەمایانە خولی جۆراو جۆریان بۆ بکەنەوە، ئەوکات لەسەر تواناکانیان دابەشیان بکەن بەسەر کارەکاندا واتا کارەکان پێویستە هەر کەسێك لەسەر توانای خۆی کاری بۆ بدۆزنەوە».

پسپۆڕی کارگێڕی سەردار عومەر سلێمان، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات بێکاری لەهەموو وڵاتێکدا بە ڕێژەی جیاواز هەیە، ڕەخنە لەوەش دەگرێت کە وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی نەیتوانیوە ئامارێکی ورد لەسەر بێکاری ئامادەبکات، وتیشی: «لەکوردستان بێکاریشمان هەیە و لەهەمان کاتدا دیاردەیەکی تریشمان هەیە کەپێی دەوترێت فرەکاری، فرەکاری ئەوکەسانە دەگرێتەوە کە زیاتر لەکارێك دەکەن لە ژیانی رۆژانەیاندا، واتە چینێکی کۆمەڵ بێکارن و چینێکی تری کۆمەڵ زیاتر لە کارێکیان هەیە، بەشێکی زۆری عەدالەتی کۆمەڵایەتی بەوە جێبەجێدەکرێت کە ژمارەی فرەکار کەم بکرێتەوەو دەبێتەهۆی کەم کردنەوەی بێکاری».

ئەو پسپۆڕە جەختی لەوەش کردەوە کە «دامەزراندنی گەنجان بەبێ بەرنامە گەندەڵی ئیداری بەرهەم دەهێنێت و لەشکرێك لە بێکاری شاراوە لەناو فەرمانگە حکوومییەکان دروستدەکات، بۆیە پێویستە حکومەت کار بۆ ئەوە بکات گەنجان لەکەرتی تایبەت دابمەزرێنێت و گوتیشی «پێویستە کەرتی تایبەت لەکەرتی گشتی جیابکرێتەوە، واتا نابێت کەسێك بتوانێت لە دوو شوێنی جیاواز کار بکات، بەرلەهەموو شتێك ئێمە بەمە فرەکاری ناهێلین واتا ئەوکەسەی کە لەکەرتی گشتی و لەکەرتی تایبەت کار دەکات، لەم کاتەشدا شوێنی کارکردن لەکەرتی تایبەت زۆر چۆڵ دەبێت و گەنجان کاریان دەست دەکەوێت».

شیرکۆ فارس مامۆستای زانستە کۆمەڵایەتییەکان لە زانکۆی سلێمانی ڕایوایە «گرفتی سەرەکی لەوەدایە کە حکومەت بەرنامەی بۆ ڕێکخستنی دەرچوونی قوتابیان نییە»، گوتیشی «حکومەت ساڵ بەساڵ کارئاسانی بۆ قوتابیان دەکات، بۆ ئەوەی لە زانکۆ و پەیمانگەکان وەریان بگرن، بەڵام بیر لەوە ناکاتەوە چی لەو هەموو دەرچووی زانکۆیە بکات، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە تا ئێستا بەرنامەی کاری هاوبەش لەنێوانی وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی و وەزارەتی خوێندنی باڵادا نییە». نموونەشی بەوە هێناوە کە «کۆلێژی ئەدەبیات بە بەشە جیاوازەکانی کومەڵناسی و دەرونزانی و کاری کۆمەڵایەتی ساڵانە ڕێژەیەکی زۆر لە توێژەران پێدەگەیەنن، کەچی سوودیان لێوەرناگیرێت و حکومەت دایان نامەزرێنێت، لەکاتێکدا وەزارەتی کار هەمیشە دەڵێت ئێمە پێویستمان بە توێژەرە، ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە هەتا ئەمرۆ هەماهەنگی لەنێوان وەزارەتەکانی حکومەتدا نییە».

**جگە لە بێکاریی گەنجان، بێکاریی شاراوە و گەنجی خانەنشین و کارمەندی سێبەر زیانی زۆری لە باری ئابووری کۆمەڵگە داوە**

# پەروەردەکردنی کچان پێویستی بە ژێرخانێکی پتەو هەیە

**د. ئیلهام عەزیز خۆشناو:**

**هەموو دایکەکان خوێندەوار و هۆشیار نین و نازانن چۆن ڕێنمایی کچی خۆیان لە قۆناغی جیاوازی تەمەندا بکەن**

### ڕێنماییەکانی پزیشکی بۆ کچانی نەوجەوان

د. ئیلهام عەزیز خۆشناو پسپۆڕی ئافرەتان و منداڵبوون و نەزۆکی، لە لێدوانێکیدا بۆ گوڵان ئاماژە بەوە دەکات کە جەستەی کچان لەدوای تەمەنی ٩ ساڵی ئامادەی گۆڕانکارییەکان دەبێت، مێشک بەر لە بەشەکانی دیکەی جەستە دەست بە ئیفرازکردنی هۆڕمۆن دەکات، پێش پەیدابوونی سووڕی مانگانە کە لەتەمەنی ١٢_ ١٣ ساڵی پەیدادەبێت، چەند نیشانەیەك بەدیاردەکەون، لەوانە باریك بوونی دەنگ، دەرهاتنی موو لەبن هەنگڵ و ناو ڕانەکان، دروستبوونی مەمك، دوای ئەوانە سووڕی مانگانە دێت، لەسەرەتادا بەهۆی باش دروست نەبوونی هێلکەدان سووڕی مانگانە بەشێوەیەکی نارێك و پچڕ پچڕ ڕوودەدات، دواتر بە تێپەڕبوونی کات، مانگانە بەشێوەیەکی ڕێك ئەو سووڕە بەردەوام دەبێت، کچان لە ١٣ تاوەکو ١٨ ساڵی گۆڕانکاری بەسەر تەواوی جەستەیاندا دێت، لەوانە مێشك و باری دەروونی، چونکە کچ لەو تەمەنەدا عیناد و کەللەڕەق و تووڕەیە، تەنانەت توانای کۆنترۆلکردنی هەڵسوکەوتەکانی خۆی نییە، لەو ماوەیەدا کەسایەتی دروست دەبێت و دەروونی جێگیر دەبێت، بەڵام ئەگەر هاتو دایك و مامۆستا بەو ئەرکە هەڵنەستان و بەر لەم قۆناغە کچەکەیان هۆشیار نەکردەوە، کچ بەو قۆناغە نامۆ دەبێت، بۆیە دوور نییە تووشی نەخۆشی جەستەیی بێت، بەتایبەتی بەهۆی ڕانەگرتنی پاکوخاوێنی لە کاتی سوڕی مانگانە، یان تووشی خەمۆکی دەبێت و لەداهاتووشدا کاریگەری لەسەر کەسایەتی دروست دەکات، چونکە کچ لەو قۆناغەدا هەست بە ترس و دڵەڕاوکێ دەکات، بۆیە پەنا بۆ هاوڕێکانی دەبات و پرسیار لەوان دەکات، ئەوانیش لەوانەیە زانیاری دروستیان لانەبێت،

### جیاکاریی ڕەگەزیی دژی پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤە

هاوژین محیەدین شارەزای بواری توندوتیژی خێزانییە و گرنگی نەدان بە تایبەتمەندییەکانی کچان بۆ جیاکاری ڕەگەزی دەگێڕێتەوە، کە «لەکۆمەڵگە ئیسلامی و نەریتییەکان دیاردەیەکی تاڕادەیەك زەق و هەستپێکراوە». هاوژین دەڵێت «بەرلەوەی منداڵ لەدایك بێت، هێشتا قۆناغەکانی گەشەی کۆرپەلەیی لەناو سکی دایکی نەبڕیوە، تووشی کۆمەڵێك جیاکاری ڕەگەزی دەبێتەوە، وەکو وشەی (بە دایکی کوڕان بیت، یان (کوڕ هێز و پشتە)، ئەمانە سەرەتای دیدی کۆمەڵگەیەکی پیاوسالار دەسەلمێنن، دوابەدوای لەدایکبوونیشی ئەو مامەڵەیەی لەگەڵ کچ دەکرێت، یەکسان نییە لەگەڵ کوڕ، چونکە هەمیشە منداڵانی کچ ئاگادار دەکرێنەوە، خۆیان داپۆشن و دواتر ئاشنا دەکرێن بە کۆمەڵێك وشەی وەك ئابڕووچون و پاراستنی ناموس، ئەمەش وەکو سەرچاوەیەکی ترس و هەڕەشە سەیر دەکرێت و بەتوندوتیژی گوتەیی هەژمار دەکرێت».

### دابونەریت و شیکاریی هەڵەی ئایینی بەسەر کۆمەڵگەدا زاڵە

هاوژین باس لەوە دەکات کە کاتی خۆی لە کۆمەڵگە خێڵەکییە عەرەبییەکان منداڵی کچیان زیندەبەچاڵ کردووە، بەتایبەت لەگەڵ خێڵێکی دیکەدا شەڕ ڕووی داوە، بۆ ئەوەی کاتێك لەشەڕەکە شکستیان هێنا، ئەو کچانە نەکەونە بەردەستی خێڵی دوژمن و ئابڕوویان نەچێت، کچی خۆیان زیندەبەچاڵ کردووە، ئەم جۆرە بیرکردنەوەیەش تەنها دابونەریتی خێڵەکییە و دوور و نزیك پەیوەندی بە ئیسلامەوە نییە، لەم سەردەمەشدا جیاکاری ڕەگەزی دژی پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤە و یەکێکە لەپێشێلکارییە بەربڵاوەکانی کۆمەڵگە. بەشێك لەئافرەتان لەناو کایەی سیاسیدا ڕووبەڕووی چەندین ناو و ناتۆرە بوون و تۆمەتی ساختەشیان بۆ دروستکردووە، بە ئامانجی شکاندن و دوورخستنەوەیان لەکایەی سیاسی، یان لەکاتی کێبەرکێی سیاسیدا پڕوپاگەندەی بۆ دروست دەکرێت، بۆیە سەرەنجام دوورکەوتنەوەی ئافرەتانی لێدەکەوێتەوە». ئەو شارەزایەی بواری توندوتیژی خێزانی، ئەوەش دەخاتەڕوو کە لەلایەکی دیکەوە لەکوردستاندا بەشێکی بەرچاو لەئافرەتان ئازاد نین لەوەی چ جۆرە جلوبەرگێك بپۆشن، یان مۆڵەتی شوفێری دەربهێنن، زۆربەی ئافرەتان ناتوانن شەوانە بێنە دەرەوە، لەکاتێکدا بۆ ڕەگەزی بەرامبەر ئاساییە، ئەمانەش بەشێکن لەو جیاکارییانەی ڕۆژانە لەکۆمەڵگەی کوردی بەدیدەکرێت.

### هیچ ئامادەکارییەکی پێشوەختە لەلایەن خێزان و قوتابخانەوە بۆ کچان نەکراوە

سامان سیوەیلی سەرۆکی سەنتەری خێزان، سەرەتا هێما بۆ ئەوە دەکات کە مامەڵەی دەوروبەر لەبارەی گۆڕانکارییە جەستەییەکانی کچانی نەوجەوان لەکۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی تر جیاوازە، گوتیشی «لەکۆمەڵگەی ئێمەدا ئەو گۆڕانکارییانە بۆ کچان دەبێتە مایەی شڵەژان، چونکە هیچ



گوڵان: کۆمەڵایەتی

ئامادەکارییەکی پێشوەختەی لەڕووی دەروونییەوە لەلایەن خێزان و قوتابخانەوە بۆ نەکراوە»، سیوەیلی ئەوەشی خستەڕوو کە گەورەترین ڕووداوی فسیۆلۆژی کەوتنە سووڕی مانگانەیە کە لەسەرەتای باڵقبوونەوە دەست پێدەکات، ئەوەش لای کچ دەبێتە شۆکێکی دەروونی و ناتوانێ مامەڵەیەکی دروست لەگەڵ حاڵەتەکەدا بکات، کچان لەم تەمەنەدا شەرم دەکەن بێنە ناو خەڵك، چونکە ئەندامانی خێزان هەمیشە داوای لێدەکەن خۆی داپۆشێت، تێبینیمان کردووە، جۆرێك لەکچان لەبەرئەوەی لەسەرەتای قۆناغی هەرزەکاریدا ئەوەندە پێی گوتراوە سینگی دەرنەخات، ئەویش هەوڵیداوە سینگی بباتە ناوەوەو پشتی کۆم بووە، کاتێکیش دێتە دەرەوە بەهۆی چەسپاندنی سێکسی کوڕانی وڵاتی ئێمە، کە هۆگری جەستەی کچن، ئەوە وایکردووە کچان ڕقیان لەکچ بوونی خۆیان بێت و ببنە مایەی بەدبەختی، نەك مایەی شانازی، جاری واهەبووە کچ بەهۆی جوانییەکەی کەسوکاری خۆشی دژایەتییان کردووە و ڕێگەی چوونە دەرەوە و خوێندنیان لێ گرتووە، کاتێك دەبینێت ڕەگەزەکەی بەرامبەری کە هاوتەمەنی خۆیەتی ئازادە لە پۆشینی جلوبەرگ، ئازادە لەچوونە دەرەوە و خوێندن، بەڵام ئەو بەهۆی کچ بوونیەوە لەهەموو ئەو شتانە بێبەشکراوە، باری دەروونی تێکدەچێت.

نەقیبی مافپەروەر ڤلامینا وەحید فەخری لێپرسراوی نووسینگەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان، هاوکات ڕاهێنەری مافی مرۆڤە لە هێزەکانی ناوخۆ، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت «زۆر جار ئێمە باسی توندوتیژی پیاو دەکەین بەرانبەر بە مێینە، بەڵام ڕاستییەك هەیە، نازانم بۆچی باس ناکرێت، کارەسات ئەوەیە کە دایك بەرانبەر بە کچەکەی، یان ئافرەت بەرانبەر بە ئافرەت توندوتیژی بەکاردەهێنێت، کە خۆی لە چەند توندوتیژیەکی زەقدا دەبینێتەوە، نموونەی خەتەنەکردنی مێینە کە هیچ کات باوك ئاگای لێ نابێت، ئەوانەی کە هۆکارن و ئەنجامیشی دەدەن، هەر ئافرەتن کە ئەوە سەرەتای توندوتیژییەکانە بەرانبەریان دەکرێت. لە دواییدا هەر لە فامکردنەوە پێی دەوترێت عەیبە لەهەموو ئاخافتنێك لەگەڵیدا وشەی عەیبە بوونی دەبێت، لەدواییدا بە جیاکردنەوەی لە کوڕ بیری خراپی لا دروست دەبێت، تا وای لێ دێت متمانە لەدەست دەدات، خەتەرناکی لەوەدایە کە زۆرجار لەسەر نانخواردن، باوك دەست پێ دەکات و دەڵێت: کەسێکی بە دڵ بێت، نایدەمێ، بمرێت، ئەوە قسەی دەبێت، دایك پێی خۆشە کوڕەکەی لە کچەکەی گەورەتر بێت و لێشی بدات، ئەوانە سەرەتای تێکچوونەکانە ئیدی لەگەڵ ئەو هەموو توندوتیژییەو نەبوونی سۆز، عەیبەی زۆر وای لێ دکات لەوانەیە تەسلیمی زەواجێکی نەگونجاویش بێت. دواتر کە شوو دەکات خێزانێکی نائاسودە و دایکێکی بێ سۆز و نەوەیەکی ناتەندروست دەنێتەوە، بۆ چارەسەر کردنی ئەو کێشانەش پێویستە دایك و باوك هەمیشە وریابن بەو چەمکانەی کە بەکاری دەهێنن لەژیان بۆ منداڵەکانیان بزانن چۆن پەروەردەیەکی تەندروست و دوور لە جیاکاری بکەن، دەبێت کەشێکی ئارام بۆ ژیانی هاوسەرگیری بڕەخسێنن».

د. ئیلهام بۆ چارەسەری ئەو کێشانە بە پێویستی دەزانێت «مامۆستاکان کچانی قوتابی هۆشیار بکەنەوە، هەروەها هەوڵبدرێت خولی هۆشیاری بۆ دایکان بکرێتەوە، چونکە هەموو دایکەکان خوێندەوار و هۆشیار نین و نازانن چۆن ڕێنمایی کچی خۆیان لە قۆناغی جیاوازی تەمەندا بکەن».

هاوژین محیەدین چارەسەر لەوەدا بەدی دەکات کە «پێویستە سیستەمی حکومەتی بەرنامەی جۆراوجۆری لەو بوارەدا هەبێت، سەرەتا لەڕێگەی پرۆگرامی پەروەردەوە، هەر لە دایەنگە تاوەکو زانکۆ پرۆگرام و سیستەمی پەروەردەی بەشێوەیەك بێت هیچ جیاکارییەك لەنێوان نێر و مێدا نەکات و ڕوانینی زیاتر بخاتە سەر ڕۆڵ و جیاواز نەبوونی مێ لە هەموو بوار و ڕەهەندەکانی ژیان و ژیاریدا، دیموکراسیبون و پەیڕەوکردنی شێوازی مەدەنیانە لەگشت بوارەکانی ژیاندا هەنگاوێکی ترە بۆ گەشەسەندنی تاکەکان و کەمکردنەوەی بۆشایی جیاکاری.

سامان سیوەیلی بۆ چارەسەری ئەو ئاریشانە بە پێویستی دەزانێت، لەڕووی پرۆگرامی خوێندنەوە لەقۆناغی بنەڕەتییەوە کچان ئاشنا بکەن بەو گۆڕانکارییانەی لەڕێگەی هۆڕمۆنەوە ڕوودەدەن، وانەیەکی تایبەت بەهۆشیارکردنەوەی نەجەوان نییە، بۆیە پێویستە خێزانەکان هۆشیار بکرێنەوە بۆ ئەوەی لەو کاتانەدا ڕەفتاری شیاویان لەگەڵ بکەن، هەتا ئەو کەلتوورە هەبێت، مێینە بە ئافرەتانیشەوە ئەوانەی کە کچن و ئەوانەش کە چوونەتە ناو ژیانی هاوسەرییەوە ناتوانن تواناکانیان مومارەسە بکەن، بۆیە پێویستە هەوڵی ئەوە بدرێ بە هیچ شێوەیەك ڕێگری لەبەردەم خوێندن و کارکردنیان کچاندا نەمێنێ.

سامان سیوەیلی:

**پێویستە هەوڵی ئەوە بدرێ بە هیچ شێوەیەک ڕێگری لەبەردەم خوێندن و کارکردنی کچاندا نەمێنێ**



**لەگەڵ سەرهەڵدانی گۆڕانکارییەکانی جەستەی کچان لەتەمەنی نەوجەوانی و گەنجیدا، خەون و ئاواتەکانیشی گۆڕانکاری بەسەردا دێت، بەڵام زۆرجار بە هۆکاری جیاوازی نەریتی و ئاینیی لە بری ئەوەی گرینگی بەو تایبەتمەندییانەی کچ بدرێ، لە ناو خێزان فشاری زۆری دەخرێتەسەر و کەسایەتی دەروونخێندرێت، بەهەمان شێوە لەبری ڕێنمایی کردن بەهۆی تانەلێدان تواناکانی لەباردەبرێت، بۆیە زۆرجار کچ ناچاردەبێت پەنا بۆ خۆشەویستی، یان هاوسەرگیرییەکی ناوەخت و نەگونجاو بێنێت. ئەوەش زیاتر ژیانی داهاتووی دەخاتە مەترسییەوە. لێرەدا ئەو پرسیارە دێتەئاراوە کە چۆن بە پەروەردەیەکی زانستی و تایبەتمەند بناغەی داهاتوویەکی گەش بۆ کچان دادەنرێ؟**